# دەشنیٚ مەلاکان تورە دەکات



زانا دڵشاد دزەیی - هەولێر/ دوای ئەوەی دەشنیٚ کلیپێکی خۆی لە کەناڵە کوردییەکان بڵاوکردەوە، کە شێوەیەکی زۆر مۆدێرنی لە کلیپەکەدا بەکارهێناوە و تێیدا جلوبەرگی نیمچە رووتی پۆشیوە و سەما دەکات، ئەوەش بووە هۆی تورە کردنی زۆرێك لە مەلاکانی کوردستان و (دەشنیٚ)ش کارەکەی خۆی بە تازە و پێویست بۆ گەنجانی کورد وەسف دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەموو جۆرە رەخنەیەك وەرناگرێت.

گۆرانی هێلا هۆپ کە لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە ئاواز و تێکستی بۆ دانراوە و بە دەنگی دەشنیٚ موراد تۆمارکراوە و فادی حەداد کلیپی کردووە، بۆ ماوەیەکە لە کەناڵە کوردییەکان پەخش دەکرێت و مەلاکانیش ئەو کلیپە رەتدەکەنەوە و زۆرێك لە مەلاکان لە ووتاری رۆژی هەینیدا باسیان لێوە کردووە، داوایان لە خەڵك کردووە منداڵەکانیان بە دوور بگرن لە بینینی ئەو کلیپە، چونکە ئەوەی ئەو کلیپە لە کلیپەکانی دیکەی گۆرانیبێژان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دەشنیٚ جلی جیاوازو سەرنج راکێشی پۆشیوەو سەما دەکات، بۆیە مەلاکانیش پێیانوایە ئەو کلیپە دوورە لە کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگایەکی موسلمانی وەك کورد، دەشنیٚ موراديش پێیوایە ئەو جۆرە کارانە بۆ گەنجی کورد پێویستە و گەنجانی کورد بە گوناھ ناو دەبات و دەڵێت "ئەو ستایلەی من هەڵمبژاردووە و گۆرانی پێی دەڵێم تازەیە و تا ئێستا لەلایەن گۆرانیبێژە کوردەکان بە کارنەهاتووە و خۆمیش حەزم لەو ستایلە کردووە و پێم خۆشە سەما بکەم، چونکە گەنجی ئێمەش گوناھە پێویستە کاری نوێیان بۆ بکرێت ناچار نەبن سەیری هونەرمەندانی بیانی بکەن و ئێمەش توانای خۆمان نشان بدەین".

# ئەیوب عەلی بە نهێنی گەڕایەوە کوردستان



**زانا دڵشاد دزەیی - هەولێر**

دوای بە کۆتاهێنانی هەموو کارە هونەرییەکانی ئەلبومە تازەکەی، کە لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرەوە ئاوازی بۆ دانراوە، ئەیوب عەلی بانگهێشتەکەی خۆی بۆ کوردستان پێشدەخات‌و دوێنی گەڕایەوە کوردستان‌و حەزیش دەکات پێش هەموو کارێك سەردانی خزم و کەسانی بکات.

هونەرمەند ئەیوب عەلی کە ئێستا لەکوردستانە لەپەیوەندیەکدا بە دەنگی مەخمووری رایگەیاند، مەبەستی گەڕانەوەی ئەمجارەی بۆ کوردستان، زیاتر بۆ خۆئامادەکردنە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەلبومە تازەکەی و هێنانەوەی ڤیدیۆ کلیپێك، گوتی "خۆشحاڵم دوای کارکردنێکی زۆر ئێستا ئەلبومەکەم ئامادەی بڵاوکردنەوەیە و منیش بۆ ئەو مەبەستە گەڕاومەتەوە کوردستان، هەروەها یەکێك لە گۆرانییەکانی ئەو ئەلبومەم لە وڵاتی ئیسپانیا کلیپ کردووە و بەم نزیکانە لە کەناڵە کوردییەکان بڵاودەکرێتەوە، کە کارێکی جوانی بۆ کراوەو هەوڵمانداوە خۆمان لە تەقلید دوور بگرین"، هەروەها ئەیوب ئەوەشی راگەیاند ئەو داوەتەکەی خۆی بۆ کوردستان پێش خستووە و بۆ ئەوەی بتوانێت زووتر خزم و کەسەکانی خۆی لە کوردستان بەسەر بکاتەوە و دەڵێت "داوەتنامەی من بۆ کوردستان ئامادە بوو بۆ ١٢/٢٠، بەڵام من زووتر هاتمەوە، بۆئەوەی بتوانم کاتێکی زۆر لەگەڵ کەس و کارم بەسەرببەم، بۆیە نەمویست کەس بزانێت و حەزیشم نەکرد رایبگەیەنم، ئەگەر توانیم و کار ئاسانیم بۆ کرا، حەز دەکەم و بەنیازیشم لە هەولێر کۆنسێرتێکی گەورە ساز بکەم".

# مەخموور دەچیٚ بۆ رووسیا

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

خوێندن یەك لەو ئامرازانەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لەرێگەیەوە هەنگاوبنیٚ بۆ سەرخستی پرۆسەکانی بەرەوپێشچوون. بۆیە یەك لەگەنجە قوتابیەکانی مەخموور دوای هاتنەوەی ناوی لەوڵاتی رووسیا بۆخوێندن ئەو بەڵێندەدات دوای دەرچوونی لەکۆلێژ بێتەوە خزمەت بە مەخموور بکات.

لەم بارەیەوە قوتابی (بێستون خدر) تایبەت بە رۆژنامەی دەنگی مەخموور وتی "ئێمە چوار قوتابین لە هەولێر کە ناومان هاتۆتە بۆ خوێندن بچین لە وڵاتی رووسیا بخوێنن دیارە ئەوەش لەچوارچێوەی ئەو زەمالانەیە کە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی کوردستان وەریگرتووە: منیش وەك گەنجێك‌و قوتابیەکی مەخموور داوام پێشکەش کردو خۆشبەختانە ناوم هاتەوە لە یەکێك لە زانکۆکانی مۆسکۆی پایتەخت لەکۆلێژی راگەیاندن کە بەنیازیم لەم نزیکانە سەردانی رووسیا بکەم". ئەو قوتابییە دەڵێت "بۆیە داوای راگەیاندنم کرد چونکە هەستم دەکرد مەخموور لەرووی راگەیاندنەوە پێویستی بەوەیە کە کاری بۆبکەین تاکو ئەو بۆشاییەی هەیە پڕبکەینەوە هەرچەند کۆمەڵێك کەس هەن خەمخۆرانە کار بۆراگەیاندنی مەخموور دەکەن‌و دەیانەوێت پەرەی پێبدەن، بەڵام من ویستم دەست باریان بم‌و زیاتر گرنگی بەو بوارە بدەین، بۆیە بەڵێندەدەم کە دوای دەرچوونم‌و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێمەوە خزمەت بە راگەیاندنی کوردستان‌و بەتایبەتیش مەخموور بکەم". بێستون خدر ئەوەشی رایگەیاند "کە خەونی ئەوبوو کە بتوانێت لە توێژینەوەکانی خۆی کە پێی دەسپێرن بەهاوکاری خەڵکانی دڵسۆز بتوانێت توێژنەوەیەك لەسەر مێژووی مەخموور بکات هەر هیچ نەبێت بتوانێت نامیلکەیەکی لەسەر بەچاپ بگەیەنێت، بەڵام پێی وابوو کە ئەو دەتوانێت لەرێگەی راگەیاندنەوە زیاتر خزمەت بەمەخموور بکات، بەڵێنی ئەوەشی دا کاتیٚ دەچێتە ئەو وڵاتە ئەوا کاربکات بۆ دەرخستن‌و ناساندنی شارەکەی".



تابلۆی هونەرمەند ئازاد مەخمووری

# عاجور و ماجور

**مەلا خەلیل حاجی رەسول( مخلص )***

جەمالت گەرچی مەشهورە لەچاوی ئێمە مەستوورە
بە خۆت نیزیکە ئەما روت لە دیتن تا بلێی دوورە
بەناحەق تیٚ مەگە چاوێك نەبینی رۆژی روی ئێوە
بەرابەر رۆژی روی ئێوە هەمو چاوێك وەکو مورە
بەغەیری گەرمی پێی ئاگری چ چشتی تر بزانیتن
لەبەر بیٚ چاوی گەر کۆرە گوزەرکاتن بەلای کورە
لەسایەی زولف‌و روت دنیا لەمشرق تاوەکو مغرب
لە لایەك واپری کفرە لە لایێك وا پری نورە
لەبەرچاوو برۆت عالەم تەماشا بویتە دوو پارچە
هەیە مات و بریندارە هەیە تاساو و مەخمورە
لە باغی نێو جەوانیدا ئەوی خۆی هەڵدەکێشابوت
وەرە ئەورۆکە ببینە لە داغت پشتی قەمبورە
دلی ناپشکوی مخلص بکاتن سەبری گل روبان
ئەوی بی بینی غەیری یار هەموو عاجورو ماجورە

*ئەم دەستنووسە لە ئەرشیفی مامۆستا تەها کوڕی خوالێخۆشبوو شاعیری گەورە مەلا خەلیل دووسەرەییە بۆیەکەمجارە بڵاو دەبێتەوە.

# والاٚ



خەلیل پلانی

## ئازارەکانی دڵی هەرێم ...!

هەرکە دەوترا کەرکوك دڵی کوردستانە، سەرکێشی دۆزینەوەی ئەندامێکی گرنگتری لەش بووم تا(مەخموور)ی پیٚ ناوبنێم، دواجار رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەخموور)ی ناو نا (دڵی هەرێم)، بێگومان ئێستا شاری مەخموور دڵی هەرێمی کوردستانە، کەواتە کەرەمکەن گوێ لە ترپە کزو پڕ لە ئازارەکانی دڵی هەرێم بگرن و چارەسەری بکەن، نەبادا لە لێدان بوەستیٚ .

لەم چەند رۆژەی رابردوو سەدای ئەو ترپە کزانەی (دڵی هەرێم)م لە گلەییەکانی نێو دەمی هاوڵاتیانەوە دەبیست، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەمە روو بە هیوای چارەسەری خێرا:

هاوڵاتییەك پارچە زەوییەکی لە مەخموور کڕیوە، تا بەناوی کردووەو رسوماتی داوە هەمووی لەلایەن تاپۆی مەخموورو بە رسوماتی هەولێر جێبەجیٚ کراوە، هەرکە داوای وەرگرتنی سلفەی عەقاری کردووە، راستەوخۆ بەڕوویدا هاواریانکردووە"ئێوە خەڵکی مەخموور سلفەی عەقار ناتانگرێتەوە، لەبەرئەوەی سەر بە موسڵن"، ئەدی خێر بوو ماوەیەك لەمەوبەر داوای قستی سلفەی عەقاری ساڵانی هەشتاکانتان لەو خەڵکە دەکرد !

ماوەیەك لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی مەخموور بۆ تەواوکردنی خوێندن داواکارییان پێشکەش بە کۆلێژێکی موسڵ کردو بڕی بیست و پێنج هەزار دیناریان لیٚ سەندرا، کەچی دواتر وەرنەگیران بە بیانووی پەروەردەی مەخموور لەسەر هەولێرە !

پسوولەی خۆراکی سەر بە هەولێری (١٨٠٠٠)ئاوارە گوازرایەوە بۆ سەر موسڵ و موسڵیش رەتیان دەکاتەوە و وەریانناگرێت، بەم شێوە لە هەردوولا بێبەش بوون، بەشە خۆراکەکەش بە خۆتان خۆش !

لە هاتۆچۆی هەولێر خەڵکی مەخموور نە ئۆتۆمبێلی بەناو دەکرێت و نە کۆبۆنی بەنزینیشی بۆ نویٚ دەکرێتەوە، بەهۆی ئەوەی پسوولەی خۆراکی سەر بە موسڵە !

شەقامی سەرەکی هەولێر مەخموور لەلایەن تەنکەرەکانی بەرپرسانەوە تێکدەدرێت و وەکو کورد گوتەنی "هێلکەکەی بۆ ئەوان و ریقنەکەی بۆ مەخموور و خەڵکەکەی دەمێنێتەوە" !

پۆلیسێکی بازگەی دەروازەی بازارگە پێی راگەیاندم کە "کارەبایان نیە و خێرۆمەندێك هێڵێکی کارەبای پێداون"، بۆ مەخموور گەلەك کارەبای هەیە!؟، حاشا لەوانەی لە هێڵی سایلۆو بیرە نەوتەکان رایانکێشاوە !

ماوەتەوە بڵێین خەڵکی مەخموورو دانیشتوانەکەی بێبەشن لە پۆستەکانی ئیداری و بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانی حکومی و هەندیٚ جاریش حیزبی، هیچ کامێکیان لە مەخموور نیشتەجیٚ نین و لەگەڵ ئازارو مەینەتییەکانی ئەو خەڵکەدا ناژین، بۆیە لە کاتژمێر(٩)ی بەیانی تا(١)ی نیوەڕۆ لە مەخموور میوانن، دواتر لە ئێوارەوە تا بەیانی دڵەکەی هەرێم بە تەمای خواو کەرەمی شێخ و پیاوچاکان لێدەدات ! .